# هـــــــــــەواڵ

KURDISTAN NET کوردستان نێت

ڕۆژی 2003/12/2 لە هۆڵی Frankliی ئەنستیتوتی کۆمەڵناسی زانکۆی تەکنۆلۆژی بەرلین خوێندکار هەڵۆ سەلام، ئەندامی مەڵبەندی ئەوروپا بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی لە بەرلین، نامەیەکی ماستەری لە ژێر ناونیشانی "کۆچ، لە نموونەی کوردەکانی عێراق" پێشکەشکرد. نامەکە لەلایەن دەستەی هەڵسەنگاندن و تاووتوێکردنەوە کە لە بەڕێزان پرۆفیسۆر Uwe-Jens Walther وەک سەرۆکی دەستە و پرۆفیسۆر Hubert Knoblauch وەک سەرپەرشتیار و پرۆفیسۆر خاتوو Aster Albrecht-heide وەک ئەندامی دەستەکە تاووتوێ کرا.

لەم نامەیەدا بەڕێز هەڵۆ سەلام دوای دارشتنی پێشەکیەکی کورت لەسەر کورد و کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق، بەدووروودرێژی کێشەی کوچی کوردانی دوای راپەرینی ساڵی 1991 تا جەنگی رزگارکردنی عێراق شیکردۆتەوە، بە جۆرێک کە تاوەکو ئێستا نەبۆتە باسی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی.

دەستەکە نامەکەیان بە پلەی زۆرباش پەسەندکرد و بڕوانامەی ماستەریان لە بواری کۆمەڵناسیدا بە بەڕێز هەڵۆ سەلام بەخشی.

لەکۆتایی دانیشتنەکەدا بڕیار درا کە بەڕێز هەڵۆ سەلام وەک کاندیدای دوکتۆرا وەربگیرێت بەمەبەستی پەرەپدانی زیاتر بە بابەتەکەی.

شایانی باسە کە تێکڕای نامەکە بەزمانی ئەڵمانی لەسایتی روانیندا www.ruanin.net بڵاوکراوەتەوە.

Ruanin روانین

روانگەکان | Home | کتێب




Links | پێناس

027490

Ruanin © 2002